# ئاوێنە

بۆ هەموو حەقیقەتێک شوێنێک
بۆ هەموو جیاوازییەک دەرفەتێک

WWW.AWENE.COM

No. 1    3/1/2006    رۆژنامەیەکی ئەهلی سیاسی گشتییە    ٢٠٠٦/١/٣    ژمارە ١


# هاوپەیمانی کوردستان نزیکەی ٦ ملیۆن دۆلاری لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا خەرج کردووە



هەڵمەتی هەڵبژاردن دیوارەکانیشی گرتەوە ـ فۆتۆ ئاوێنە

**هاوپەیمانێتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق لەتێکڕای عێراقو وڵاتانی دەرەوە پێنج ملیۆنو ٨٩٠ هەزار دۆلاری بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان خەرج کردووە.**

**تایبەت بەئاوێنە:** سەرچاوەیەکی ئاگادار لەهاوپەیمانی کوردستانەوە بە رۆژنامەی ئاوێنەی ڕاگەیاند کە هاوپەیمانی کوردستان ئەم پارەیەی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لەشارەکانی هەولێر و سلێمانیو دهۆکو کەرکوکو موسڵو دیالەو بەغداو لە وڵاتانی دەرەوەدا خەرجکردووە.

ئەم سەرچاوە ئاگادارە کەنەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بۆ شارەکانی ناو عێراق کە لیستی هاوپەیمانی پێگەی بەهێزی تێدا هەیە، بڕی پێنج ملیۆنو ٩٠ هەزار دۆلار تەرخان کراوە، بۆ دەرەوەی وڵاتیش بڕی ٨٠٠ هەزار دۆلار تەرخان کراوە.

سەرچاوەکە باسی لەوە کرد کە پارێزگای سلێمانی زۆرترین بڕی پارەی بۆ تەرخانکرابوو کە بڕەکەی ٨٥٠ هەزار دۆلار بوو، پارێزگای هەولێرو کەرکوک بەپلەی دووەم دێن کەهەریەکەیان ٧٥٠ هەزار دۆلاریان بۆ دانرابوو، پارێزگای موسڵ ٧٠٠ هەزار دۆلار، پارێزگای دهۆک ٥٠٠ هەزار دۆلاری بۆ دانرابوو. بۆهەریەک لەبەغدای پایتەختو پارێزگای دیالەش یەکی ٣٠٠ هەزار دۆلاریان بۆ دانرابوو.

بڕی دیاریکراو بۆ بواری ڕاگەیاندن ٦٠٠ هەزار دۆلار تەرخانکرابوو. بۆ سەرکردایەتی لیستی هاوپەیمانی ١٠٠ هەزار دۆلارو بۆ ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکان ١٢٠ هەزار دۆلارو، بۆ هەموو لایەنەکانی هاوپەیمانی ١٢٠ هەزار دۆلار، کە ٢٠ هەزار دۆلار دراوە بەهەرحیزبێکیان.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەتێکڕای ئەم پارەیە لەلایەن هەروو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دابین کراوە.

سەرچاوە ئاگادارەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کەئەم پارەیە لەوە زیاترە چونکە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەلای خۆشیانەوە هەندێک پارەی تریان خەرج کردووە.

## "هیچ ڕێگایەک لەبەردەم یەکێتیو پارتیدا نییە جگە لەیەکگرتنەوە"

### عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

**لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە، عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان یەکبگرنەوەو وتی:"پێشتر بەڵێنمان داوە ئەو کارە ئەنجامبدەین".**

**هەولێر، ئاوینە:** لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنە عەدنان موفتی باسی لەوە کرد کە ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتی دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیو هەروەها یەکگرتنەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم لەهاوینەهەواری سەلاحەدین کۆدەبنەوە.

لەم بارەیەوە موفتی روونیکردەوە کە ئایندەی گەلی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر بەم مەسەلەیە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی مەسەلەی جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ کە خراوەتە ناو دەستورو هەروەها مادەی ١٣٤ کە تایبەتە بەدیاریکردنی سنوری کوردستان.

موفتی باسی لەگرنگی پەرلەمان کرد کە دەبێت ڕۆڵی شیاوی خۆیان لەم مەسەلەیە بگێڕن بەتایبەتیش کە "پارتیو یەکێتی هیچ بەدیلێکی تریان لەبەردەستدا نییە جگە لەیەکگرتنەوە."

سەبارەت بە بودجەی ساڵی ٢٠٠٦، موفتی وتی:"بەهۆی یەکنەگرتنەوەی حکومەتی هەرێم، یەکێتیو پارتی بەجیا لیستی بودجەی ساڵی ٢٠٠٦یان پێشکەشکردووە، بەڵام گەر خاوەنی یەک ئیدارە بووینایە ئەوسا بودجەیەکی یەکگرتوو پێشکەش دەکراو دواتر لەپەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکرا."

سەبارەت بەپرۆژەی بەگژاچوونەوەی تیرۆریش کە ئێستا لەپەرلەمانی کوردستان وتووێژی لەسەر دەکرێت، کە ئایا تا چەند دژی بەهاکانی مافی مرۆڤە، ناوبراو وتی:"تاکو ڕەشنووسی کۆتایی پرۆژەکە تەواو نەبێت ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەگەر چی ئەو پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کراوە". هەروەها وتی "خۆی لەخۆیدا تیرۆر دیاردەیەکەو ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر گرنگەو پێویست بەیارمەتی هەموو لایەک دەکات". دەربارەی قسەکردن لەسەر دیاریکردنی وادەیەک بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، عەدنان موفتی وتی:"بەداخەوە زۆر وادەم دەستنیشانکردووەو وانەبووە، لەبەر ئەوە وازم لێهێناوە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە هیچ ڕێگایەکی تر لەبەردەم یەکێتیو پارتیدا نییە جگە لەیەکگرتنەوە."

## یەکگرتوو داوای یاسایی لەدژی پارتی تۆماردەکات

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان داوایەکی یاسایی لەدژی دەسەڵاتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدهۆک تۆماردەکاتو لەهەمان کاتدا لیژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.**

دانا ئەسعەد، سلێمانی: لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان مامۆستا عەلی محەمەد وتی:"دوو داوا تۆمارکراوە، یەکێکیان جینائییەو لەلایەن کەسوکاری شەهیدەکانەوەیەو ئەوی تریان سیاسییەو بەناوی یەکگرتووی ئیسلامییەوەیە."

لەلایەکی ترەوە، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە، پارتیو یەکگرتوو لەدوای ڕووداوەکە لیژنەیەکی هاوبەشیان لەژمارەیەک بەرپرسی حکومیو حیزبی هەردوولا پێکهێناوە، دەربارەی دەستبەکاربوونی لیژنەکە مامۆستا عەلی وتی:"لیژنەکە تازە دەستبەکاربووەو هێشتا کارەکانی تەواو نەکردووە." ناوبراو دەربارەی ڕووداوەکانی ٢٠٠٥/١٢/٦ی دهۆکو پێنج ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێر، ئەوەی دووپات کردەوە کە" لەلایەن خەڵکو پۆلیسو ئاسایشەوە هێرشکرایە سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی و" لەئەنجامدا ٤ ئەندامیان کوژراو ژمارەیەکی تریشیان دەستگیرکران.

**لەم بارەیەوە چاوپێکەوتنێک لە لا٣دا دەخوێنیتەوە**






## ٣١٠ حاجی دەگەڕێنرێنەوە بۆ سلێمانی

**لەفرۆکەخانەی جەدەی پایتەختی سعودییە ڕێگە بەنیشتنەوەی فرۆکەیەکی فرۆکەخانەی سلێمانی نادرێت کە ژمارەیەک لەو هاوڵاتیانەی هەڵگرتبوو کە بۆ حەجکردن ڕوویان لەو شارە کردبوو.**

زانکۆ ئەحمەد، ئاوێنە: سەعات ٦ی سەرلەبەیانی دوێنێ ٣١٠ هاوڵاتی شاری سلێمانی لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە بەمەبەستی حەجکردن بەرەو جەدەی پایتەختی سعودییە بەڕێکەوتن، بەڵام لەوێ ڕێگە بەنیشتنەوەی فرۆکەکە نادرێتو دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، دەسەڵاتدارانی سعودیەش هۆکارەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی ژمارەی حاجیەکانی عێراق لەژمارەی دیاریکراو تێپەڕیووە.

لەمبارەیەوە کامەران عوسمان سەرپەشتیاری دەزگای فرۆکەوانی نێودەوڵەتی سلێمانی بەئاوێنەی ڕاگەیاند کە ئەم حاڵەتە بەتەنها فرۆکەخانەی سلێمانی نەگرتۆتەوە بەڵکو لەسەرتاسەری عێراقدا ٤٥٠٠ کەس گەڕێنراونەتەوەو هۆکارەکەشی ئەوەبووە ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی عێراق ڕوویان لەسعودییە کردووە، هەروەها وتی: "ئێستا لەئاستی سەرکۆمارو سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق هەوڵی جدی دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکەو هەوڵدەدەین لەزووترین دەرفەتدا بەڕێیان بکەینەوە".

وابڕیاریشە لەچاوەڕوانی چارەسەرکردنی کێشەکەیاندا، تائەمڕۆ حاجییە گەڕاوەکان هەر لەفرۆکەخانەی سلێمانی بمێننەوە.

## لەم ژمارەیەدا




پەشێو: لە هەموو شتێک کەمتر شیعر دەخوێنمەوە..ل١٣



بەختیار عەلی: ڕۆژنامەی ئازاو کۆمەڵگای ئازا..ل١٥



ریپۆرتاژ: لە ساڵی نوێدا منداڵانی کوردستان..ل٦


## پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو یەکێتی ئامادە دەکرێت

**سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئاوێنەی ڕاگەیاند کە ئەو ٥ کەسەی دوو شەممەی ڕابردوو پرۆژەی چاکسازیی دەزگاکانی یەکێتییان ئامادەکردووە، بریتین لە "عیماد ئەحمەد، مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، حەمە توفیقو دلێری سەید مەجید".**

ئاوێنە، تایبەت: پاش ئەوەی مانگی ١٠ /٢٠٠٤ حەوت ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سکرتێرو سازدانی چاکسازی نامەیەکیان ئاراستەی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کادیرێکی دیاری یەکێتی پێشنیاریان کرد کە پرۆژەیەک بۆ چاکسازی دەزگاکانی یەکێتیو حکومەت ئامادەبکەن. هەفتەی ڕابردوو ئەو دەستەیە ڕاپۆرتی خۆیان بەجیا پێشکەش بەهەریەک لە سکرتێرو جێگرەکەیو بەرپرسی دەستەی کارگێڕی کردو، لە کۆبوونەوەیەکدا بەئامادەبوونی لیژنەکە و هەرسێ بەرپرسەکە پەسەند کرا.

بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم زانیاریانە ئاوێنە پەیوەندی کرد بە عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیەوە، ئەویش لای خۆیەوە زانیارییەکانی پشتراستکردەوەو وتی "ئێمە پێمان وایە یەکێتی لەم قۆناغەدا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە بەخۆدا چوونەوە هەیە، ئەویش لەبەر چەند خاڵێک، لەوانە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەییمان لەم قۆناغەدا زۆر قورسەو پێویستی بەکیانێکی بەهێزتر هەیە. تەپوتۆزی گەندەڵی لەسەر داموو دەزگاکانی حکومەتو حزب زیادی کردووەو پێویستی بەچارەسەرە. ئەو بەڵێنانەی لەهەڵبژاردندا بەخەڵک دراون، دەبێ بە زووترین کات هەوڵی جێبەجێکردنیان بدرێت.

یەکێتی لەم قۆناغەدا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بە تەبایی بەڕێزان مام جەلالو کاک نەوشیروانو کاک کۆسرەت هەیە.

بۆ ل ١٩